# باس لە کەسێک ئەکەم

کەریم دەشتی

کەسێ دێ کراسی بای لەبەرە و خۆی لە گیای ئەزەلی
لوولداوە
ئەلفابای ماتەمینی هەموو ڕەنگەکانی پێیە
خاچی خۆی لە شانە و کتێبی نەمری لە دەستە
ڕێگاکان پڕ هاژەی ئاو ئەکا
مارەکان لەکاژی تازەیان سڕ ئەکا
کەسێ دێ ئاگری ئۆلیمپی لە پەنجە هەڵئەچێ
دەمی پڕ لە جریوەی مانایە
زەوی لە ژێر پێیا ئەلەرزێ
دونیا پڕ لە ورشەی فڕینی بازی باڵ شکاوی خۆی ئەکا
کێڵگەکان ئەکاتە باخی نوور
جەستەیەکی سپی کون کونە وەکو نەی
دۆڵەکان پڕ چڕینی گەرمی برینی باڵ ئەکا
ئەو کەسە کەس نییە، تەنها وەهمی سەری شاعیرە
دڵی پڕ گەوهەری مرۆڤی شکاوە
خۆی لە چەمکی مانای قووڵ ناوە
لە جەنگی بێهوودەی نەوەکان دێتەوە
بۆ لای ئەو ئاشقەی سەد ساڵە
چاوەڕێی هاتنەوەی ئەو ئەکا
لەمێژە دڵێکی بە تالان بردووە
ئەوە تۆی ئەو کەسە ئۆفیلیای سەردەمی نەهاتی
کە دڵمت لەسەر سینی زێڕی ناو لەپت داناوە
وەک ڕێژنە تاو ئەدەی
بووی بە تاڤگە و ئاوم، بووی بە دەشتاییەکان
بووی بە بەرد و چیا
بووی بە کتێبی زەنوێری پڕ گیا
بووی بە وێنەی گەشی دوو چاوم
بۆ سەدان ساڵ ئەچێ لە پێشوازی تۆدا
خۆم و باقەیێ لە برین وەستاوم
کەسێ دێ
دێ



## کە ڕووناکی دائەڕژێ

بێرەوە ڕەت ئەبێ وەک ڕمی سەر سینەی تاریکی
ژەنگی سەر دڵی بوون وەک تەنەر هەڵئەگرێ
مراوی ئاوەکان وەک ئاونگ ئەبریسکێنێتەوە
دەقەکان پڕ ئەکا لە سکڵ و میتافۆر
تابلۆکان مشت ئەکا لە زەیتی هەمایۆن
بێرەوە ڕەت ئەبێ
سینەمان شەڵاڵی شەرابی سەد ساڵە ئەکاتن
مێژووی ناشیرینی ئەخاتە ژێر سمی ئەسپی نوور
تەوتەم و تابۆکان بە گورزی برووسکە ئەشکێنی
سەهۆڵبەندی دڵە ڕەقەکان ئەتاوێنێتەوە
بێرەوە ڕەت ئەبێ ڕووناکی
کە هاتی یۆتۆپیایەک بێنە خاڵی بێت
لە قەفەی زنجیر و لە زرمەی شمشێر و
قوفڵی سەر زمانی ئازادی
کە هاتی بمگرە باوەشی گەرمی خۆت
ڕەهاییم بدەرێ و ڕزگارم کە لە کۆت

## ئەچین لە ئاوی هیرتێ ئەخۆینەوە

کە لێرەین ئەوە لەوێ چاومان لە کۆترەکانە
چۆن لە ئاوی سەر بەردەکان ئەخۆنەوە
کە لێرەین ئەوە لەوێ دڵمان داوە بەو کچانەی
بەردەکان بۆ شوورەی خۆیان ئەگوازنەوە
کە لێرەین ئەوە لەوێ دەستمان لە ناو ئەو دەستانەن
شیری ژیان ئەبەشنەوە
کە لێرەین ئەوە لەوێ ڕۆحمان داوە بەو کەڤرانەی
لەبەر شیلەی گەرمی ڕژاو
مانگە شەوان وەکو زیو ئەدرەوشێنەوە
لە گەڵ یەکەم تریقانەوەی گوڵە پوونگی سەر ڕێگاکان
ئەچین لە ئاوی هیرتێ ئەخۆینەوە

## قوفڵی ئەبەدییەت

ئەو کاتە لە تەلانە ئەفسانەییەکانی کێلە شین
کتێبی یۆتوپیام ئەخوێندەوە،
سوارانی بەفر هەرەسیان هێنابوو
کۆڤادیسی دەستم کە بە پرووشەی تەمی ناو ڕەوەز
هەڵمی لێ هەڵئەسا
هەواڵی وادەی تووڕەبوونی خۆرەتاوی پێگەیاندم
لەو سەرەوە خۆی کوشت و دونیای لە خوێن وەردا
زانیم شەو کۆمیدیای خۆی ئەنووسێتەوە
شەڕی تەروادە بەڕێوەیە
هەر زوو جەستە و دەست و پەنجە و قاچەکانم کۆکردەوە
هاوارم کرد من ئێستاکە تەنهاترین مرۆڤم لە گۆی زەوی
کە جگە لە فوارەی خوێنی جەستەم دەنگێ نابیستم
لە ڕێگەدا کتێبی هەزار لاپەڕەی تێنویێتیم خوێندەوە
زمانم وەک کاغەز خشەی دەهات
سەری هەزاران هەزار ڕێگەی بەردەڵانم بڕی
من تەنهاترین مرۆڤ بووم کتێبی یۆتوپیام ئەخوێندەوە
کە خۆرەتاو وەک قەقنەس لە خوێنی خۆیا زیندوو بۆوە
لە دوورەوە سەیری کێلەشینم کرد
تەواوی جەستەی شمشێرڕێژ کرابوو
وەک کێڵگەی گوڵ مەریەمە ئەبریسکایەوە
ویستم هاوار بکەم و ڕابکەم
ویستم بگریم و پێبکەنم
بەڵام ئاخ ژیان لە هەموو لایەکەوە
بە قوفڵی ئەبەدییەت داخرابوو